# لە ساڵهاتی گەورەترین کارەساتی مرۆیی و جینۆسایدی کورددا



حکومەتی بەعسیی رووخاو، بە کیمیابارانی هەڵەبجە و پرۆسەی بەدناوی ئەنفال، هەوڵی پاکتاوکردنی گەلی کوردی دا، زۆربەی گوندەکانی کوردستانی خاپوور کرد، ئافرەت و منداڵ و گەنج و پیری کوردی راپێچی ئوردوگا زۆرەملێیەکانی کرد و هەزاران کوردی بەش مەینەتی زیندەبەچاڵ کرد، بەڵام هەموو ئەو تاوانە دژی مرۆڤایەتییانە کوردی بە چۆکدا نەهێنا. (٣١)ساڵ لەو کارەساتانە تێپەڕی و بەعسییەکان بە سزای خۆیان گەیشتن و کوردیش ئاسۆیەکی رووناك و داهاتوویەکی گەشی لە پێشە و کەسوکاری قوربانیانیش داوای یەکڕیزی و یەکخستنی ناوماڵی کورد و بەجینۆساید ناساندنی کەیسی ئەنفال و قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوان دەکەن. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان، لە ساڵهاتی گەورەترین کارەساتی مرۆییدا راو سەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

زیا بەتروس سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «ئێمە یادی یەکێك لە گەورەترین کارەساتە مرۆییەکانی سەدەی رابردوو دەکەینەوە، کە لە یەك رۆژ و کاتدا بە بەر چاوی هەموو جیهان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زیاتر لە ٥٠٠٠ هەزار مرۆڤ لە ژن و منداڵ و پیر و جوان بە گازی قەدەغەکراوی کیمیایی و دژە مرۆڤایەتی شەهید کران. کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و مەرگەساتی ئەنفال تەنیا دوو رووداوی ئاسایی و مێژوویی نین کە لەساڵرۆژی کارەساتەکەدا وە بیرمان بێنەوە و باسیان بکەین، بەڵکو ئەو دوو کارەسات و تاوانە ئەوەندە گەورە و دڕندە و نامرۆڤانە بوون، هەمیشە لە هزر و بیری هەموو تاکێکی کوردستانی و خاوەن ویژدان دەمێنێتەوە. بەداخەوە دوای تێپەڕبوونی ٣١ ساڵ بە سەر کارەساتەکە و ئەو تاوانە دژە مرۆییە، هێشتا ئاسەوارەکانی بە سەر خەڵك و هاووڵاتیانی ئەو شارە و تێکڕای خەلکی کوردستانەوە ماوە، چونکە لە کاتێکدا هەمووان لە چاوەڕوانیی ئەوەدا بووین، کە سەرانی رژێمی رابردوو، بەتایبەت سەرۆکی لەناوچووی عێراقی ئەو کاتە، لەسەر ئەو دۆسیە دادگایی بکرێن و مافی ئەو خەڵکە بێتاوانانەیان لێ وەربگیرێتەوە و بە سزای خۆیان بگەن، بەڵام دیتمان بەداخەوە سەدام حوسێن سەرەڕای ئەنجامدانی ئەو هەموو تاوانە لە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و ئەنفال و تێکدانی هەزاران گوند و لە سێدارەدانی هەزاران هاووڵاتی و ئەنجامدانی چەندان تاوانی دیکەی دژە مرۆیی، کەچی تەنیا لەسەر کەیسی (دوجەیل) سزا درا و لە سێدارە درا و کۆی کەیسەکانی دیکە بە هەڵەبجەوە فەرامۆش کران. سەرەڕای ئەوەی لە بەرامبەر ئەو هەموو زوڵم و تاوانەی بەرامبەر ئەو شارە و خەڵکەکەی کراوە، کە بەپێی هەموو بنەماکانی مافی مرۆڤ و نێودەوڵەتی تاوانی مرۆیی بووە و هەموو روکنەکانی جینۆسایدی تێدا بەرجەستە بووە کە بریتییە لە کۆمەڵکوژی و لەناوبردنی مرۆڤەکان و تێکدانی ژینگە و سەرچاوەی ئاو و پیسکردنی هەوا و داروخان، کەچی نە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و نە لەسەر حکومەتی ناوەند هیچ هەنگاوێکی پراکتیکیی شایستەی ئەو شارە و خەڵکەکەی نەنراوە و قەرەبووی ئەو خەڵکەش نەکراوەتەوە و تا ئێستاش وەك کەیسێکی جینۆساید لە ئاستی نێودەوڵەتی نەناسراوە و مامەڵەی لەگەڵ نەکراوە».

زیا بەتروس لە درێژەی رادەربڕینەکەیدا دەڵێت: «ئەگەرچی بەپێی یاساو بنەما نێودەوڵەتییەکان دەبوایە حکومەتی ئێستای عێراق کە بە میراتگری حکومەتەکانی پیش خۆی دادەنرێت، دەبوو قەرەبووی هەڵەبجە و خەڵکەکەی بکردبایەتەوە و گرنگیی زیاتری پێ بدابایە لە رووی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتکردن و دابینکردنی بەشی خۆی لە بودجە و پرۆژەکانی وڵات، ئەوە جگە لەوەی لە رووی نێودەوڵەتییەوە هەر خۆی کاری لەسەر پرسی بەناساندنی وەك جینۆساید بکردبا و داکۆکی کردبا لە بەسزاگەیاندنی ئەو وڵات و کۆمپانیا و خەڵکانەی کە هاوکاریی رژێمی ئەوکاتی عێراقیان کردووە، بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە و فرۆشتنی چەکی کیمیایی بە دەوڵەتی عێراقی ئەوکات، بەڵام بەداخەوە جگە لەوەی هیچ کام لەو هەنگاوانەی نەناوە، بەڵکو لە ئاستی ناوخۆش مافی ئەو شارەی بە تەواوی فەرامۆش کردووە. هەروەها سەرەڕای ئەوەی هەڵەبجە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە وەك پارێزگا ناسێنراوە و بە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان بۆتە یەکێك

**بەداخەوە سەدام حوسێن سەرەڕای ئەنجامدانی ئەو هەموو تاوانە لە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و ئەنفال و تێکدانی هەزاران گوند و لە سێدارەدانی هەزاران هاووڵاتی و ئەنجامدانی چەندان تاوانی دیکەی دژە مرۆیی، کەچی تەنیا لە سەر کەیسی (دوجەیل) سزا درا و لە سێدارە درا و کۆی کەیسەکانی دیکە بە هەڵەبجەوە فەرامۆش کران**

**سەرەڕای ئەوەی هەڵەبجە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە وەک پارێزگا ناسێنراوە و بە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان بۆتە یەکێک لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، بەڵام بەپێچەوانەوە حکومەتی عێراق سەرەڕای هاوکارینەکردنی، هێشتا مافەکانیشی وەک پارێزگایەک لە بودجە و پرۆژەکان بۆ دابین نەکردووە**



**تا ئێستاش روفاتی سەدان هاووڵاتی کە ئەنفال کراون، لەژێر خاك و خۆلی دەشتاییەکان و ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقە و تا ئەمڕۆش کەسوکاریان دوای چارەکە سەدەیەک هەر لە چاوەڕوانیی هاتنەوەی روفاتەکانیانن، حکومەتی عێراق بۆ منداڵە ونبووەکانی هەڵەبجەش هیچ هەنگاوی نەنانەوە لەگەڵ دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران و تا ئەمڕۆش کەس و کاریان لە چاوەڕوانی دۆزینەوەی منداڵەکانی خۆیاندان**

**هەردوو تاوانی کیمیابارانکردن و ئەنفال، بە دوو تاوانی دژە مرۆیی لە ئاستی نێودەوڵەتی ناسێنراون و ئیدانەکراون، کەچی هەردوو تاوان بەرامبەر گەلی کوردستان تاقی کرانەوە و بە بەرنامەیەکی تۆکمەو داڕێژرا و هەوڵی سڕینەوەی ئەو گەل و نەتەوەیە دراوە، کۆمەڵگەی جیهانییش تا ئێستا بە جددی بەدواداچوونی بۆ نەکردووە**

لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، بەڵام بەپێچەوانەوە حکومەتی عێراق سەرەڕای هاوکارینەکردنی، هێشتا مافەکانیشی وەك پارێزگایەك لە بودجە و پرۆژەکان بۆ دابین نەکردووە. بنیمان حکومەتی ناوەندە لە بەرامبەر کەیسی جینۆسایدیش هەمان مامەڵەی کردووە، کە تا ئەمڕۆش هیچ هەنگاوێکی بۆ پرسی بە جێنۆسایدناساندنی لە ئاستی نێودەوڵەتی بۆ ئەو پرسە نەهاویشتووە و تا ئێستاش روفاتی سەدان هاووڵاتی کە ئەنفال کراون، لەژێر خاك و خۆلی دەشتاییەکان و ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقە و تا ئەمڕۆش کەسوکاریان دوای چارەکە سەدەیەك هەر لە چاوەڕوانیی هاتنەوەی روفاتەکانیانن، حکومەتی عێراق بۆ منداڵە ونبووەکانی هەڵەبجەش هیچ هەنگاوی نەنانەوە لەگەڵ دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران و تا ئەمڕۆش کەس و کاریان لە چاوەڕوانی دۆزینەوەی منداڵەکانی خۆیاندان.

هەردوو تاوانی کیمیابارانکردن و ئەنفال، بە دوو تاوانی دژە مرۆیی لە ئاستی نێودەوڵەتی ناسێنراون و ئیدانەکراون، کەچی هەردوو تاوان بەرامبەر گەلی کوردستان تاقی کرانەوە و بە بەرنامەیەکی تۆکمەو داڕێژرا و هەوڵی سڕینەوەی ئەو گەل و نەتەوەیە دراوە، کۆمەڵگەی جیهانییش تا ئێستا بە جددی بەدواداچوونی بۆ نەکردووە.

سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە ساڵی ٢٠١٤ گرووپی تیرۆریستیی داعش کە لە سەر هەمان بیرو بۆچوون و ئایدیای رژێمی رابردووی عێراقن، تەنانەت بەشێکی زۆری سەرکردەکانی ئەو گرووپەش ئەندامانی ڕژێمی ئەوکاتی بەعس بوون، بە شێواز و ناوێکی دیکەوە هاتنەوە مەیدانەکە و دەستیان کردەوە بە پرۆسەی جینۆساید و لەناوبردن و تێکدانی کەلتوور و ئاسەواری شارستانیەتی عێراق و کوردستان و نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان بەتایبەت کوردانی ئێزیدی و کریستیانەکان و پێکهاتەکانی دیکە. واتە داعش بە هەمان نەفەسی بەعس دەستیان کرد بە جینۆسایدو لەژێر پەردە و ناوی ئایین و بە (سەبایا)کردنی کچان و ژنانی ئێزیدی، وەك چۆن لە پرۆسەی ئەنفالیش لەژێر ناوی ئەنفال رژێمی رابردوو بەرگێکی ئایینی بەخشیە پرۆسەکە بۆ ئەوەی شەرعییەت بداتە کار و تاوانە نامرۆییەکانی بەتایبەت بۆ وڵاتانی هاوسۆزی». گوتیشی: «هیواداریین حکومەتی ناوەند هەوڵەکانی چڕتر بکاتەوە بۆ پرسی بەجینۆساید ناساندنی کەیسی ئەنفال و قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوانی هەڵەبجە و قوربانیانی تاوانەکانی تری رژێمی رابردوو، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش زیاتر دەستی ئاوەدانکردنەوە بگەیێنێتە ئەو شارە وەك پایتەختی ئاشتی و ئاوەدانی».

نووسەر و رۆژنامەنووس سەرفراز نەقشبەندی، هێما بۆ ئەوە دەکات کە: «ئەو تاوانانەی رژێمی بەعس لە دژی کورد ئەنجامی داوە، جگە لەوەی تاوانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ و تاوانی دوژمنکارانەیە، زۆربەی بنەماکانی تاوانی جینۆسایدیشی تیادا بەرجەستە بووە. رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٨ بڕیارێکی دەرکرد سەبارەت بە رێگەنەدان و سزادانی ئەنجامدانی گەلکوژی (جینۆساید). لە یاساکانی مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کە لە ١٩٤٨/١٢/٩ تۆمار کراوە و لە بڕیاری ٢٦٠ پەسەند کراوە و لە ١٩٥١/١/١٢ بووە بەیاسا، جینۆساید لەگشت خاڵەکانیدا پێناسە کراوە کە بە ئامانجی وێرانکردنی سەرجەم، یان بەشێکی نەتەوەیەك، کەمایەتییەك، رەگەزێك، یان گرووپێکی کۆمەڵایەتی و ئایینی ئەنجام بدرێن. لەناوبردنی عەمدی و نەخشەکێشراو بەرامبەر بە گەلێك، یان گرووپە کۆمەڵایەتییەکان جینۆسایدە، بەڵام جینۆساید بە زۆر و کەمیی ژمارەی کوژراو پێناسە ناکرێ کە ئەو کۆمەڵکوژە گوناهبار بکرێ بە کرداری کۆمەڵکوژی. جینۆساید دەکرێ ئەنجام بدرێ، بێ ئەوەی تەنیا یەك مرۆڤیش تێیدا بکوژرێت. ئەوە بەجینۆساید (گەلکوژی) دادەنرێت کە ئامانجەکە لەوەدا بێت گرووپێکی کۆمەڵایەتی، یان بەشێکی گەل و کۆمەڵەکە وێران بکرێ بە مەرجەکانی جینۆسایدکردن».

هاوکات دەڵێت: «من کەسێکی قانوونی نیم، بەڵام ئەگەر پێشێلکارییەکان و کۆمەڵکوژکردنی ژن و منداڵی کورد تاوەکو ئێستا بە جینۆساید دانەنراوە، هۆکاری ئەوەیە خاوەن دەوڵەت نین، ئێمەی کورد بە بێ یەکریزیی لایەنە کوردییەکان هیچ دەستکەوتێکمان نابێت، ئێمە وەك کورد لە ناو کەشتییەکداین لە ناو دەریا، هەر هەموومان بە داس و چەکوش هەوڵی کونکردنی ئەو کەشتییە دەدەین، قەت وا بیرناکەینەوە، ئەگەر کون بوو، هەر هەموومان دەخنکێین، تەنانەت خنکانمان ئەم جارە وەکو هەموو جارەکانی دیکە نابێت، دنیا گۆڕاوە و ئێمە زۆر لە دواوەین، وا خەریکە گلۆلۆبالیزم دنیا دەکات بە یەك، دەوڵەتی نەتەوەیی قۆرخ دەبن، کورت و کرمانجی دەبێ ناکوکیی نێوان لایەنەکان نەگاتە رادەی لەناوبردنی ئارمانجی سەرەکی کە نەتەوە و وڵاتە، دەبوو ناکۆکییەکان لە سەر خۆشگوزەرانی و بەرهەمهێنان و پتەوکردنی ژێرخانی ئابووری بێت، نەك لە سەر دەسەڵات کورسی و دەست بۆ خۆیان، دەبێ حزبەکانمان بزانن ئەوان بۆ خزمەتی گەل و نیشتمان دروست بوون و بە بێ گەل و خاك کەسیان هیچ نین، بۆیە پێویستە لە سەریان ناکوکیی نێوانیان بکەن بە قوربانیی ئەو خاکەی رووباری خوێنی رۆڵەکانی لەسەر رژاوە، مەرج نییە حزبە کوردستانییەکان ببنە کۆپیی یەکتر، بەڵکو دەکرێت ئامانجیان یەکتر قبووڵکردن بێت، ئەگەر هێندەی تەنازول بۆ دوژمنان دەکەن، نیو هێندە تەنازول بۆ یەکتر بکەن، ئەوا هیچ کێشەیەکمان نابێت، هەروەها

با هێندە پشتی خۆیان بە وڵاتە دراوسێیەکان نەبەستن، چونکە زۆر ئەزموونی مێژوویی تاڵمان هەیە، پێش چاخێ لە نەخشەکێشەکانی لۆزان-یان پرسی: بۆچی ئێوە کوردستانتان پارچە پارچە کرد و ئەو گەلەتان ریسوا کرد؟ وەڵامیان ئەوە بوو: (بۆمان دەرکەوت، ئەوان هەمیشە ناکۆکییان لە ناو خۆیان هەیە و عەشیرەتن و دژ بە یەکن و ناتوانن خۆیان بەڕێوە ببەن.) ئەگەر ناتەبایی ناوخۆیی کورد بەردەوام بێت، رۆژێك هەمان پرسیار لە ئەمریکا و رووسیا بکەن، هەمان وەڵام دەدەنەوە».

باران محەمەد چالاکی مافناس لە پارێزگای هەڵەبجە، سەبارەت بە جینۆسایدی کورد و کیمیابارانی هەڵەبجە دەڵێت: «مێژووی کورد پڕە لە کوشتن و نەهامەتی و ماڵوێرانی و کۆمەڵوژیی هەڵەبجەش جینۆسایدی نەتەوەیی بوو، بە ئامانجی سڕینەوەی میللەتێك ئەنجام درا».

ئەو مافناسە هێما بۆ ئەوە دەکات کە وشەی جینۆساید بۆ یەکەمجار (رافائیل لیمیکن) لە ساڵی ١٩٣٣ لە پێنجەمین کۆنفرانسی حقووقی تاوانە نێودەوڵەتییەکان لە مەدرید بەکاری هێنا، کە بەمانای لەناوبردنی کۆمەڵێك، یان میللەتێك دێت. بۆ یەکەمجاریش لە پەیماننامەی دادگای تاوانەکانی یۆگۆسلاڤیای پێشوو و رواندا، جینۆساید وە تاوانی سەربەخۆ پەسەند کرا. لە ماددەی ٦ی ئەم پەیماننامەیەدا هاتووە:

جینۆساید هەر کارێکی نارەوایە بە مەبەستی لەناوبردنی تەواو، یان هەندێکی کۆمەڵێك، یان گرووپێکی میللی، یان نەژادی، یان قەومی، یان مەزهەبی بێت، کە مەبەست لێی: ١-کوشتنی ئەندامانی گرووپێك بێت. ٢-بریندارکردنی بەهێزی جسمی، یان رۆحیی ئەندامانی کۆمەڵێك بێت.

٣-بڕیاری جیاکردنەوەی ئەندامانی خێزان لە یەك و ژیانێکی ناهەموار بژین. ٤-رێگرتن لە منداڵبوون. ٥-کۆچکردنی ناچاری بە منداڵان لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی دیکە».

هەڵەبجە بە رووبەری ١٥٢٣ کیلۆمەتری چوارگۆشە، دەکەوێتە باشووری رۆژهەڵاتی عێراق و دەکەوێتە ٧٦ کیلۆمەتریی باکووری رۆژهەڵاتی سلێمانی، باکووری رۆژهەڵاتی دەشتی شارەزوورە و کەشوهەوایەکی مامناوەند و بارانی هەیە و بە چیاکانی باڵامبۆ و شنرۆێ و سورێن و شرام و رەنگین و بەفری میری دەورە دراوە، لەگەڵ بوونی چەند سنوورێکی هاوبەش لەگەڵ ئێران. لە رۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ لە سەعات ١١:٣٥ دقیقەی بەیانی رژێمی بەعس هەستا بە بۆمبارانکردنی خەڵکی سڤیل و بێتاوانی ئەم شارە، بە گازی (سیانید و خەردل و ڤی ئێکس)، کە بووە هۆی ئەوەی چەندین ئاسەواری کوشەندە، هەر لە مردنی هەزاران کەسەوە بۆ بریندارکردنی دەیان هەزار کەس و بێ سەروشوێن بوون و ئاوارەبوونی هەزاران کەسی لێ کەوتەوە، کە کاریگەرییەکانی تا ئێستا لە ژیانی رۆژانەی خەڵکی شارەکەدا بەرجەستەن، هەر لە کەسوکاری قوربانییانەوە بگرە، تا بریندارەکانیان و ماڵە رووخاوەکانیان. ئەوەی گرنگە پێویستە کار بۆ قەرەبووی قوربانیان و کەسوکاریان بکرێت و دەبێت کاری جددیتر بۆ بەجینۆسایدناساندنی کەیسی هەڵەبجە لە دادگای دادی نێودەوڵەتی بکرێت، چونکە پشتگیرییەکی بەهێزی یاسایی بۆ ئەو کارە لەبەردەستەو دەبێت فشاریش بخرێتە سەر بەغدا هەتا قەرەبووی قوربانییانی کارەساتەکە لە روی ماددی و مەعنەوییەوە بکاتەوە». هێمای بۆ ئەوەش کرد کە «بەجینۆساید ناساندنی کەیسی هەڵەبجە و ئەنفال لە هەرێم و لە عێراق لەلایەن پەرلەمان و دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە مژدەیەکی دڵخۆشکەرە بۆ میللەتی کورد و خەڵکی شارەکە بە مەبەستی سەلماندنی ئەو تاوانە نامرۆڤانەیە».

باران محەمەد سەبارەت بە قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانییان دەڵێت: «قەرەبووکردنەوە تەنیا بواری ماددی نییە، بەڵکو بە چەندین شێوەی جیاواز و جۆراوجۆر دەستەبەر دەکرێت، هەرچەندە زیاتر لەلایەن هەندێ دەوڵەت قەرەبووکردنەوە زیاتر ماددییە، بەڵام ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە کردارێك بە ناوی قەرەبووکردنەوەی قوربانییان لەڕوی ماددی و مەعنەوییەوە هەبێت، کە چەندین شێوازی هەیە، لەوانە: ١-قەرەبووکردنەوەی خێزانی ئەو کەسانەی کە لە کارەساتەکە گیانیان لەدەست داوە. ٢-قەرەبووکردنەوەی ئەو کەسانەی کە بریندارن و چارەسەرکردنیان لە دەرەوەی وڵاتە. ٣-قەرەبووکردنەوەی ئەو کەسانەی کە دوچاری ماڵوێرانی و نەهامەتی بوون و داوای لێبوردنکردن لێیان. ٤-رازیکردنی خێزانی قوربانیان. ٥-دڵنیایی دان بە دووبارە نەکردنەوە و ئەنجامنەدانی ئەم تاوانە. ٦-فەراهەمکردنی ژیانێکی ئارام و باشتر بۆ ئەو کەسانەی کە دوچاری ئەو تاوانە بوون. ٧-خزمەتکردن و برەوپێدانی ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچەیەی کارەساتەکە تیایدا رووی داوە و دابینکردنی هەموو جۆرەکانی دڵنیایی و خزمەتگوزاری، بەمەبەستی دابینکردنی ژیانیکی ئارام» .گوتیشی: «بە هەوڵدان لە رێی دامەزراوە یاساییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق وەك پەرلەمان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و چین و توێژە رۆشنبیرەکانی کوردستان، دەکرێت دەنگێکی گەورە دروست بکرێت و ئاراستەی دادگای نێودەوڵەتی بکرێت، تا ئەم کەیسە شکڵێکی یاسایی نێودەوڵەتی وەربگرێت، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە تاوانی لەو جۆرە روونەداتەوە، پاشان قەرەبووی قوربانییان لە رووی ماددی و مەعنەوییەوە هێزێکی نێودەوڵەتی هەبێت».

**داعش بە هەمان نەفەسی بەعس دەستیان کرد بە جینۆسایدو لە ژێر پەردە و ناوی ئایین و بە (سەبایا)کردنی کچان و ژنانی ئێزیدی، وەک چۆن لە پرۆسەی ئەنفالیش لە ژێر ناوی ئەنفال رژێمی رابردوو بەرگێکی ئایینی بەخشیە پڕۆسەکە بۆ ئەوەی شەرعییەت بداتە کار و تاوانە نامرۆییەکانی بەتایبەت بۆ وڵاتانی هاوسۆزی**

**هیوادارین حکومەتی ناوەند هەوڵەکانی چڕتر بکاتەوە بۆ پرسی بەجینوساید ناساندنی کەیسی ئەنفال و قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوانی هەڵەبجە و قوربانیانی تاوانەکانی تری رژێمی رابردوو، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش زیاتر دەستی ئاوەدانکردنەوە بگەینێتە ئەو شارە وەک پایتەختی ئاشتی و ئاوەدانی».**